رووسیا شارەکی لە ڕۆژهەڵاتی ئۆکرانیا بەتەواوەتی کۆنترۆڵ کرد

ڕووسیا "کۆنترۆڵی تەواوی" خۆی بەسەر ئاڤدیڤکا لە ڕۆژهەڵاتی ئۆکرانیا ڕاگەیاند، دوای ئەوەی کێڤ هێزەکانی خۆی لەو شارە کشاندەوە.

سوپای ئۆکرانیا کشانەوەی خۆی لە شاری "ئەڤدیڤکا " لە ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە ڕاگەیاند بە پاساوی پاراستنی گیانی زۆرترین ژمارەی سەربازەکانی، بە مەش گەورەترین سەرکەوتنی ڕەمزی خۆی بە ڕووسیا بەخشی دوای ئەو هەرشە بەرپەرچدانەوەیەی کە لە هاوینی ساڵی ڕابردوو لەلایەن کێڤەوە دەستیپێکرد.

وەزارەتی بەرگری ڕوسیا ڕایگەیاند :- کە "سەرگی شۆیگو " وەزیری بەرگری ڕوسیا کرەملینی لە کۆنترۆڵکردنی ئەم شارە ئاگادارکردووەتەوە،کە پێگەیەکی بەرگری بەهێز بووە بە هێزە چەکدارەکانی ئۆکرانیا.

"دیمیتری بەسکۆف" وتەبێژی سەرۆکایەتی کەمار ڕایگەیاند:- پێتین گوێی لە ڕاپۆرتەکەی "سەرگی شۆیگو " وەزیری بەرگری گرت سەبارەت بە کۆنترۆڵکردنەوەی ئەڤدیڤکا، بەو بۆنەیەشەوە سەرۆک کەمار پیرۆزبایی ئەم سەرکەوتنە گرنگەی لە سەرباز و شۆکەرەکان کرد.

"سەرگی شۆیگو " ڕوونیشیکردەوە:- کە هێزەکانی ڕووسیا 31.75 کیلۆمەتر چوارگۆشیان لە ئەڤدیڤکا کۆنترۆڵ کردووە، کە زۆربەیان پێگەی بەرگریان تێدا لەناوچوون کە سەربازانی ئۆکرانیا بەرگریی

بەهێزیان تێدا دامێزراندبوو.

وێزیری بەرگری ووتیشی :- لە ئێستادا هێزەکانی ڕوسیا "دواین شوێنەکانی شارەکە پاکدەکەنەوە لە سەربازە ئۆکرانیاییەکان و ڕێگاکە دەگرن لەبەردەم یەکەکانی ئۆکرانیا کە پێنایان بە کارگەیەکی شارەکە بردووە.

وێزیری بەرگری ڕووسیا ئاوەشی خستەروو کە کۆنترۆڵکردنی "ئاڤدیڤکا" دەبێتە هۆی ئاوەی تێپخانەکانی ئۆکرانیا لە دۆنێتسک لابببرێنەوە کە لە ساڵی 2014 وە مەگەیەکی بەهێزی هێزەکانی لایەنگری ڕووسیا بوو لە ڕۆژهەڵاتی ئۆکرانیا و بەردەوامی بەردەوامی لەسەر بوور.

لەلایەن خەیەوە "ڤلادیمیر زێلێنسکی" سەرۆکی ئۆکرانیا لە کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن ڕایگەیاند:- کشانەوەی لە ئاڤدیڤکا بەیارەکی دادپەروەرانە بوو بە ڕزگارکردنی زەرترین ژیانی خەڵک و سەربازەکانیان.

ئاماژەی بەوەشکرد:- بە ئەوەی گەمارە نەدرێین بەیارماندا بەدرێژایی هەڵەکانی دیکە بکشێینەوە، ئەمە بەو مانایە نییە کە خەڵک چەند کیلۆمەترێک پاشکشەیان کرد و ڕووسیا دەستی بەسەر شتەکدا گرت.

لەلایەکی ترەوە "جۆ بایدن" سەرۆکی ئەمریکا بە "ڤلادیمیر زێلێنسکی " هاوتا ئۆکراینییەکەی،ڕاگەیاند:- متمانەیان هەیە کە کۆنگرەس هاوکارییە سەربازییەکانی بە کیەف نوێ دەکاتەوە و ڕایگەیاند:- بەبێ هاوکاریی ئەمریکا،ڕەنگە کیەف خاکی زیاتر لەدەست بدات بەهۆی پێشڕەویەکانی ڕووسیا.

بایدن لە ویلایەتی "دیلاوەر" لە لەدوانەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: لەگەڵ زێلێنسکی قسەم کرد بە ئەوەی پێی بڵێم کە دەنیام ئەم هاوکارییە بەدەست دەهێنین لەدوای پەسەندکردنی بودجەی نوێ بە یارمەتییە سەربازییەکان بە کیەف پێم وایە شکستی پەسند کردنی هاوکارییەکان کارەکی "گاڵتەجاڕی" و "نا ئەخلاقی" یە.

هەروەک ووتیشی :- من شەڕ دەکەم بە ئەوەی ئەو چەک و تەقەمەنییەیان بە دابین بکەم کە پێویستیانە.